# بارودۆخی عێراق و باشووری کوردستان لە ماوەی مۆرکردنی پەیماننامەی پۆرتسمۆسی ١٩٤٨

**پ. ی. ئەحمەد باوەڕ**
**(زانکۆی گەرمیان - کۆلێژی پەروەردە)**

**تەوەری یەکەم: پەیماننامەی پۆرتسمۆسی ١٩٤٨**

لەسەروبەندی دووەمین جەنگی جیهانی بەدواوە، پاشان دامەزراندنی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکان (World Organization of Unit-ed Nations)، کەسایەتییەکی وەک عەبدولئیلای وەسی لە چوارچێوەی وتار و لێدوانێکیدا زیاتر پلانی عێراق و حکوومەتی عێراقی بۆ قۆناغی ئاشتی دوای جەنگ لە هەموو لایەنەکانەوە ڕوون کردەوە، بەوەی کە وڵاتێکی وەک عێراق لەم قۆناغەدا بەو سیاسەتەوە پەیوەست دەبێت کە پێشتر شا فەیسەڵی یەکەم پلانی بۆ دارشتبوو، بێ ئەوەی ئاماژە بە سیاسەتی دەرەکی و پێوەندی عێراق بە وڵاتانی دەرەکییەوە ڕوون بکاتەوە، بەتایبەتی وڵاتێکی وەک بەریتانیا(١).

بەڵام بەزۆری بزووتنەوەی نیشتمانیی عێراقی و ئەو حزبە سیاسییانەی عێراق کە لە (نیسانی ١٩٤٦)ـەوە ڕێ بەکاری سیاسی و چالاکی سیاسییان درابوو، لەگەڵ زۆرێک لە کەسایەتییە نیشتمانییەکانی ئەم وڵاتە وای بۆ دەچوون، بەزۆری جەختیان لەسەر ئەوە دەکردەوە کە پێوەندییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ وڵاتێکی وەک بەریتانیادا هەبێت کە لەگەڵ پەرەسەندن و بارودۆخی نوێی جیهانیدا بگونجێت، سەرەڕای ئەوەش کار بۆ ئەوەش بکرێت کە کاتی ئەوە هاتووە پەیماننامەی ساڵی (١٩٣٠) نێوان عێراق و بەریتانیا هەڵبوەشێنرێتەوە، یان هەر هیچ نەبێت وای لێ بکرێت کە لەگەڵ ڕەوت و بنەمای بەرژەوەندی هاوبەش و بارودۆخی نوێی جیهانی و پێڕەوی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بێتەوە، هەروەها ئەو وەزارەتەشی کە بۆ جاری دووەمین تۆفیق سوەیدی (١٨٩١- ١٩٦٨) لەماوەی (٢٣ی شوباتی ١٩٤٦- ٣٠ مایسی ١٩٤٦)دا و لە عێراقی سەردەمی



**ئەحمەدموختار بابان**

پاشایەتیدا پێکی هێنابوو. سەرەڕای بەشداری پێکردنی چەند کەسایەتییەکی ناسراوی وەک: سەعد ساڵح (ناوخۆ)، عەبدولوەهاب مەرجان (دارایی)، عومەر نەزمی (دادوەری) نەجیب ئەلڕاوی (مەعاریف)، ئەحمەد موختار بابان (کاروباری کۆمەڵایەتی) و ئیسماعیل نامیق (بەرگری) لە وەزارەتەکەیدا (٢)، هەروەها سوەیدی بڕیاری لەسەر ئەوەشدا زەوی میری بەسەر وەرزێر و جووتیاراندا دابەش بکرێت و ئەو حوکمە عورفییەی لە دوای بزووتنەوەی مایسی (١٩٤١) بڵاوکرایەوە، لابدرێت و چاودێری سەر ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکانیش نەهێڵرێن. لەلایەکی تریشەوە هەر لەو دەمانەدا بڕیار لەسەر دامەزرانی پێنج پارتی نیشتمانی درا کە بەشێوازێکی ئاشکرا چالاکی و کاری سیاسی و حزبی خۆیان بکەن لەوانە: (پارتی سەربەخۆیی، پارتی ئازادیخوزان، پارتی نیشتمانی دیموکراسی، پارتی یەکێتیی نیشتمانی، هەروەها پارتی گەل) بە سەرۆکایەتی عەزیز شەریف (١٩٠٤- ١٩٩٠) کە پێشتر ئەندامی کۆمەڵەی ئەهالی، هەروەها بۆ ماوەیەکیش سەرنووسەری (ڕۆژنامەی ئەهالی)یان بوو(٣)، واتە لێرە بەدواوە، بەتایبەتی لە(٢ی نیسانی ١٩٤٦)ەوە بۆجارێکی دی «خوێن زایەوە نێو ژیانی سیاسی وڵاتەوە»، هاوکات ئەم حزب و ڕێکخراوە سیاسییانەی گۆڕەپانی سیاسی عێراقی ئەوکاتەش ڕۆژ بە ڕۆژ خەڵکی جۆر بە جۆری زیاتر و کەسایەتی نیشتمانی تر لە دەوری ڕێکخستنەکانیان کۆدەبوونەوە، یەکێک لەو چالاکی و هەنگاوانەشی کە بە زۆری ئەم حزب و ڕێکخراوانەی عێراق بە بەردەوامی جەختیان لەسەر دەکردەوە، مەسەلەی کۆتایی هێنان و هەڵوەشاندنەوەی پەیماننامەی (٣٠ی نیسانی ١٩٣٠) نێوان عێراق و بەریتانیای گەورە بوو.

لە ئەنجامی چالاکی ئەمانەو داواکارییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق، تۆفیق سلێمان سوەیدی لە (٣٠ی مایسی ١٩٤٦)دا دەستی لە کاروباری وەزارەت کێشایەوە، ئەوەبوو پاش دوو ڕۆژ لەم بارودۆخە کەسێکی مووسڵاوی وەک ئەرشەد ئەلعومەری (١٨٨٨- ١٩٧٨)(٤)، لە (١ی حوزەیران - ١٦ی تشرینی دووەمی ١٩٤٦)ەوە و بۆ یەکەمین جار وەزارەتێکی نوێی پێک هێنایەوە کە ئەویش لە عێراقی ئەودەمەدا بەیەکێک لە دوژمنە سەرسەختەکانی پرۆسەی دیموکراسی دەناسرا، سەرەڕای بەدەمەوە نەچوونی داواکارییەکانی کۆمەڵانی خەڵک و سەرکوتکردنی هەموو ئەو ناڕەزایی و خۆپیشاندانە جەماوەرییانەی لە شاری بەغداو شار و شارۆچکەکانی تری عێراق سەریان هەڵدابوو، دیارترینیان ڕاپەڕینی کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی شاری کەرکوک بوو کە لە مێژووی هاوچەرخی عێراق و ناوچەکەدا، بە ڕاپەڕینی گاورباغی (١٢ی تەمووزی ١٩٤٦) ناسراوە.

بەجۆرێک لە دوای ئەو هەموو ستەم و سیاسەتە سەرکوتکارییانەوە کە ئەرشەد ئەلعومەری جێبەجێی دەکردن، بەناچارییەوەو لە(١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٤٦)دا، دەستی لە کاروباری وەزاری کێشایەوە و نووری سەعید بۆ جاری نۆیەم و لە ماوەی (٢١ی تشرینی دووەمی ١٩٤٦- ١١ی مارتی ١٩٤٧)دا، وەزارەتێکی نوێی پێک هێنایەوە، لە هەمان کاتیشدا و بەمەبەستی هێورکردنەوەی بارودۆخەکە، کارێکی وادەکات کە چەند کەسایەتییەکی نێو حزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی گۆڕەپانی سیاسی ئەوکاتەی عێراقی سەردەمی پاشایەتی وەک: حزبی ئازادیخوازان، حزبی یەکێتیی دیموکراتی، حزبی نیشتمانی دیموکراتی، کە کامیل چادرچی(١٨٩٧- ١٩٦٨) ڕێبەرایەتی دەکردن بهێنێتە ناو کابینەی حکومەت و وەزارەتە نوێیەکەی خۆیەوە، کەچی ماوەیەکی زۆری پێ نەچوو هەریەک لە نوێنەری حزبی نیشتمانی دیموکراتی و حزبی ئازادیخوازان بەهۆی پراکتیزەنەکردنی لایەنی دیموکراتی لە کاری حکومەت کشانەوە، دواتر کەسانی دی جێگایان

گـرتنەوە، وێڕای ئەوانەش کـەسـایەتییـەکی زۆرزان و دیبلۆمـاتکارێکی سیـاسی وەک نووری سـەعـید کـەوتە ئەوەی بارودۆخێکی لەباری ئەوتۆ بهێنێتـەکایەوە، بۆ ئەوەی لێک گـەیشتن و پەیماننامـەیەکی نوێ لەنێـوان عێراقی سەردەمی پاشایەتی و بەریتانیای گەورەدا مۆر بکرێت، هاوکـات تاڕادەیەکی زۆر هەوڵی بۆ ئەوە دەدا، کە خۆی لە ڕێوڕەسمی مۆرکردنەکەی بدزێتەوە و بیخاتە ئەسـتۆی کـەسـایەتییـەکی ترەوە وەک ئەوەی لە(١١ی مـــارتی١٩٤٧)دا، بەتەواوی دەســتی لە کـــاروباری وەزارەتەکەی کێشایەوە و لێرەش بەدواوە، بەتایبەتی لە ماوەی ساڵانی (٢٩ی مارتی ١٩٤٧- ٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨)دا، کەسایەتییەکی وەک ساڵح جەبر (١٨٩٥- ١٩٥٧)(٥) وەزارەتـــێـــکـــی نـــوێـــی پێکهـــێنایەوە، بە جـــۆرێک هەر لەگـــەڵ دەست بەکـاربوونیـدا، سـاڵح جـەبری سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی وەزیرانی نوێ، بەزۆری کـاری بۆ ئەوە دەکـرد کـە پەلە بکات لە مەسـەلەی مۆرکردنی پەیماننامەی نوێی نێوان عـێراق و فـەرمـانڕەوایانی بەریتـانیـادا، لەمـەشـیـاندا هەریەک لە دوکتۆر محەمەد فازیل ئەلجەمالی (١٩٠٣- ١٩٩٧)(٦) وەزیری کـاروباری دەرەوە و عـەبدولئیـلای وەسی و نووری سـەعـید هاوکـاری بەردەوامی پلانەکـەی بوون، تا ئەوکـاتەی هەردوو لایەنی عێـراقی و بەریتـانی لە پایتـەخـتـەکـانی هەردوو وڵاتدا کـەوتنە وتووێژ و دانووسـتـانێکی دوورودرێژەوە، تەواوی کـۆبوونـەوە و دانیشتنەکانیان بەسەریەکەوە کە لە هەردوو شاری بەغدا و لەندەن بەڕێوە دەچوون، لە(٨ی مـارتی١٩٤٧ - ٤ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨)ی خایاند.

وەک ئەوەی دوای مانگێک ئەندامانی ئەو شاندەی کە دەبوو لە وڵاتی عـێـراقـەوە سـەردانی بەریتـانیـا بکەن بەمـەبەسـتی مـۆرکـردن و گـرێدانی پەیماننامەی نوێ لە شوێنی ئەوەی کە بۆ دواجار لە(٣٠ی نیسانی ١٩٣٠)دا مــۆرکــرابوو، بەزۆری بریتی بوون لە: ســاڵح جـەبری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و خێزانەکەی، کە ڕەنگە ئەوە یەکەم جاربێت کەسایەتییەکی سیاسی عێراقی وەک لاسـایی کـردنەوەیەکی سیـاسـییـەکـانی خۆرئاوا و لە بۆنەیەکی ئەوتۆدا خێزانیان لەگەڵ خۆیاندا بردبێت(٧). سەرەڕای ئامادەبوون و ئەندامـێتی هەریەک لە: نووری سـەعـیـد،، شـاکـیـر ئەلوادی وەزیری بەرگـری، تۆفـیق سولەیمان ئەلسوەیدی، عـەقـید ڕوکنی فڕۆکـەوان، سامی فـەتاح فـەرمـاندەی ئاسمـانی عـێراقی، عـەقـیـد ڕوکنی سـەربازی عـەباس عـەلی غـالیب، بەڕێوەبەری حەرەکـاتی سـەربازی و دوکـتـۆر فـازیل مـحـەمـەد ئەلجـەمـالی وەزیری کـاروباری دەرەوە، کە لەوکاتەدا هەر خۆی لە لەندەن بوو، چاوەڕوانی شـــانـدی عـــێـــراقی بوو، لەگـــەڵ چەند کەسایەتییەکی تر.

ئەوەبوو شـاندەکـەی عـێـراق بەفـڕۆکـەیەکی تایبـەتی بەریتانی، کە بۆ ئەو مەبەستە نێردرابوو، لە فڕۆکەخانەی (حـەبانیــە)ی ئەوکـاتەوە لە(٦ی کـانوونی دووەمی ١٩٤٨)ـەوە بەرەو شـاری لەندەن بەڕێ کـەوتن و لەگـەڵ گـەیشـتنیـاندا، لە ئوتێلی (کـلاریدج)ی شـاری لەندەن، وەک مـیــوان دابەزین، تەنانەت (دوگـلاس بسـک)ی کـاربەدەسـتی باڵوێزخـانەی بەریتـانیـا لە بەغـدا لە جێی باڵوێزی بەریتانیا لە عێراق کە لەوکاتەدا نەخۆش بوو، یاوەری کردن(٨)، تا ئەوکاتەی هەردوو لایەنی عێراقی و بەریتـــانی ســـەرلەبەیانی و دوای (٩) ڕۆژی تـەواو بەگـەیشـتنیـان بۆ لەندەن لە(١٥ی کـانوونی دووەمی ١٩٤٨)دا، لە شاری پۆرتسمۆسی کەناراو کە دەکەوێتە بەشی باشووری بەریتانیاوە لە سەر کەشتییەکی بەریتانی بە نـاوی ڤـیـکـتـۆری (Victory)ـەوە کـۆبوونـەوە و لە چوارچێوەی کۆبوونەوەکەشیاندا لە لایەن بەریتانیاوە و بە ئامادەبوونی کۆمەڵێک کەسایەتی سیاسی و سەربازی بەریتـــانی و عــێـــراقی ئەرنیـــست بیـــڤین (١٨٨١ - ١٩٥١)ی وەزیری دەرەوەی بەریتــانیــا ســەرۆکــایەتی دەکرد، هاوکات سەرۆکی شاندی عێراقیش ساڵح جەبری سـەرۆکی ئەنجـوومـەنی وەزیران بوو، هەر بۆیە زۆرجـار بە پەیماننامەی پۆرتسمۆس، یان جەبر - بیڤین ناودەبرێت.

هەر لە سەرەتاوە ئەرنیست بیڤین وتارێکی داو تێیدا بە ڕێککەوتنی هەردوولا، بنەمـاکـانی ڕێککەوتنامـەی (٣٠ی نیـــســـانی ١٩٣٠) بەریتـــانی - عـــێـــراقی هەڵوەشاندەوە و ئەوجا بنەماکانی ڕێککەوتنامەی نوێیان مۆرکرد و بە هەنگاوێکی ئاشتیانە و گرنگی پەسندکرد و ئومـێـدی ئەوەی خـواست کـە ئەم پەیماننامــە نوێیـە سەرەتایەکی باش بێت بۆ ئەوەی لە ئاییندەشدا ببێتـە مـایەی پشـتگیـرییـەکی بەهێز بۆ پێوەندییـەکـانی نێوان بەریتـانیـا و جیـهـانی عـەرەبی، تەنانەت جەختی لەسەر ئەوەش کـردەوە کـە وڵاتانی عـەرەبی بەهەمـان شێـوەی بنرخێن(٩).

ڕاستییـەکەی مۆرکردنی بنەماکانی ئەم پەیماننامەیە،

نەک نەبووە مایەی ئەوەی کە جۆرێک لەڕیفۆرم و چاکسازی سیاسی و ئابووری لە وڵاتی عێراقی ئەوکاتەدا بهێنێتەکایەوە و عێراق لە دەسەڵات و کۆتوبەندی بەریتانیای گەورە دووربخاتەوە، بەڵکو زیاتر ڕێگای بۆ ئەوە خۆش کرد کە بەریتانیای داگیرکەر دەست بخاتە نێو کاروباری عێراقەوە، تەنانەت بەپێی بەندی یەکەمی بنەماکانی ڕێکەوتننامەی ناوبراو: سەرانسەری خاک و وڵاتی عێراق بۆ ماوەی (٢٠) ساڵی تەواو، دەبووە بنکەیەکی سەربازی بەریتانی، هەروەها بەندەکانی تری پەیماننامەکەش کلیلی زۆر لایەنی ژیانی سیاسی و ئابووری و کاروباری سوپایی عێراق، بگرە ناوچەکەشی دابووە دەست فەرمانڕەوایانی بەریتانیاوە لە عێراقدا.

## تەوەری دووەم: هەڵوێستی کۆمەڵانی خەڵک و حزبە سیاسیەکانی عێراق بەرانبەر بە پەیماننامەی ١٩٤٨

ئەوەبوو دواتر بەتەواوی مۆرکردنی پەیماننامەی (کانوونی دووەمی ١٩٤٨) بووە جێی نارەزاییەکی توندی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق و حزبە سیاسی و ئۆپۆزسیۆنەکان، لەوانە: حزبی نیشتمانی دیموکراتی (حزب الوطني الديمقراطي) و حزبی سەربەخۆیی (حزب الاستقلال) و بەتەواوی دژی وەستان، بەتایبەتی دوای ئەوەی کە دەقێکی وەرگێڕدراوی ڕێککەوتننامەی ناوبراو لەلایەن جەمال بابانی وەزیری دادی عێراقی و وەکیلی ساڵح جەبری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی ئەوکاتەوە بڵاوکرایەوە(١٠). سەرەڕای دەرکردن و بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی نارەزایی و هاندانی کۆمەڵانی خەڵک بۆ دەربڕینی نارەزایی و خۆپیشاندانی جەماوەری، لەگەڵ ئەوەشدا خوێندکارانی کۆلێژەکانی عێراق، لەوانە کۆلێژی حقووق و پەیمانگاکان، تەنانەت دواناوەندییەکانیش لەوانە: دواناوەندی کەرخ و ئەعزەمییە کەوتنە مانگرتن و خۆپیشاندانی جۆر بە جۆرەوە دژ بەمۆرکردنی ڕێککەوتننامەکە، ئەمەش بە زۆری لەو کاتەدابوو کە هێشتا سەرۆک وەزیرانی عێراق ساڵح جەبر و شاندی یاوەری لە(لەندەن) بوون و نەگەڕابوونەوە عێراق، بەڵکو ساڵح جەبر هەر لە دوورەوە هەڕەشەی ئاراستەی هەموو ئەوانە دەکرد، کە دەستیان لەم کار و کردەوانەدا هەبوو، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا جێگری سەرۆک وەزیران لە شاری بەغداوەو لە سەرچاوەکانی ڕاگەیاندنەوە، ئەوەی بڵاوکردەوە کە نابێت هیچ جۆرە مانگرتن و خۆپیشاندانێک بکرێت، بەڵکو حکوومەت دەتوانێت هەموو ئەمانە لە ڕێگای بەکارهێنانی هێز و زەبر و زەنگەوە سەرکوت بکات. هەر لەو کاتەشەوە کە ڕەوش و بارودۆخەکە جگە لە شاری بەغدای پایتەخت، زۆرێک لە شار و شارۆچکەکانی تریشی گرتەوە، کەسێکی وەک عەبدولئیلای وەسی هەوڵی ئەوەی دەدا، تارادەیەک بارودۆخەکە ئارام بکاتەوە. وەک ئەوەی لە(٢١ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨)دا، چاوی بەنوێنەری حزبە سیاسی و پیاوانی سیاسی دێرین کەوت، هەروەها وەک خۆڵکردنە چاوی کۆمەڵانی خەڵک و تێپەڕاندنی کات، بەڵێنی ئەوەی دەدا کە هیچ جۆرە پەیماننامەیەک مۆرناکات، ئەگەر بێتو دەستەبەری تەواوی مافەکانی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق و وڵاتی تێدا نەبێت، بەڵام ساڵح جەبری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق لە لەندەنەوە لێدوانی ئەوەی دەدا کە ئەو باوەڕی وایە پەرلەمان و گەلانی عێراق وای دەبینن کە بنەماکانی پەیماننامەکە بەتەواوی ئەمانەت و سپاردەکانی کۆمەڵانی خەڵک بەدی دەهێنێت، هەروەها باسی لەوەش دەکرد، ئەو بەزووترین کات دەگەڕێتەوە وڵات و سەری هەموو ئەوانەش پان دەکاتەوە کە ئاڵۆزی و پشێوی دروست دەکەن. تا ئەو کاتەی شاندەکە لە(٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨)دا گەڕانەوە بەغدا و ساڵح جەبر وەک نەریتی خۆی پەنای بردەبەر هەڕەشەکردن لە کۆمەڵانی خەڵک و لە چوارچێوەی بەیاننامەیەکیشدا داوای ئەوەی کرد کە نابێت کارێکی وا بکرێت ببێتە مایەی تێکدانی بارودۆخی ئاسایش و ئەمنیەت لە وڵاتدا و خەڵک بە پێچەوانەی یاساوە هەنگاو بنێت.

کۆمەڵانی خەڵکیش ئەمەیان بەجۆرێک لە تەحەداکردن و بەکارهێنانی هێز دەزانی، بۆیە لە شەوی ٢٦ی کانوونی دووەم بەدواوە مانگرتن و خۆپیشاندانەکان دەستیان پێ کردەوە و بەغدای پایتەختیش وەک گۆڕەپانێکی جەنگی دەهاتە بەرچاو، تەنانەت شاری بەغدا: «وەکو مەنجەڵ دەکوڵا»(١١)، کەچی شانبەشانی ئەوەش هێزەکانی پۆلیس بە فەرمانی دەسەڵات کەوتنە بەستنی دەروازەی ڕێگاوبانەکان و لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممەی (٢٧ کانوونی دووەمی هەمان ساڵەوە، ئاپۆرای جەماوەر و خوێندکاران لە گەڕەکەکانی ئەعزەمییە و کەرخ و ڕەسافەوە سەرچاوەی گرت و پێکدادان دەستی پێ کرد، بەجۆرێک هێزەکانی پۆلیس لوولەی تفەنگەکانیان کردە

جەماوەر و لە دەرئەنجامدا: چەند لاوێکی خوێن گەرم گیانیان لە دەست دا(١٢)، هەروەها لەئەنجامی ئەو خۆپیشاندانەشەوە کە ژمارەیەک لە کۆمەڵانی خەڵک ویستیان لە بەرەی کەرخەوە بەسەر پردی (مەئموون)دا، واتە(شەهیدان)ی دواتر، بۆ دیوی ڕەسافە بپەڕنەوە، ئەمەش بۆ خۆی کارەساتێکی گەورەی لێ کەوتەوە، بەجۆرێک حزبی نیشتمانی دیموکراتی ژمارەی کوژراوانی بە بیست کەس و بریندارەکانی بە نزیکەی شەست کەس خەملاندووە، بۆ نموونە لە نێو کوژراوەکاندا دوو خوێندکاری لاوی وەک: (قەیس ئیبراهیم ئەلئالووسی) و (جەعفەر جەواهیری) خاڵی شاعیری ناسراوی عێراقی محەمەد مەهدی جەواهیری (١٩٠٣- ١٩٩٧) هەبوون کە لەو دەمانەدا جەعفەر هێشتا لە دیمەشق خوێندکاری کۆلێژی (حقوق) بوو، بەڕێکەوت و بەهۆی پشووی نیوەی ساڵەوە گەڕابووەوە عێراق و شاری بەغدا(١٣). هاوکات عەبدولعەزیز قەسابی (١٨٨٢- ١٩٦٥) سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران و نزیکەی بیست کەسایەتی لە ئەندامانی پەرلەمان دەستیان لە کارکێشایەوە، لەوانە: (نەسرەت فارسی، عەبدولڕەزاق شێخلی، موشحین حەردان، محەمەد مەهدی جەواهێری شاعیر، محەمەد ڕەزا شەبیبی، هەروەها لە کوردەکانیش موسڵیح نەقشبەندی نوێنەری لیوای مووسڵ، محەمەد نەقیبی نوێنەری هەولێر لەگەڵ هەریەک لە ئەنوەر بەگی جەمیل بەگی نوێنەری شاری هەڵەبجە و باباعەلی کوڕی شێخ مەحموودی حەفیدی نوێنەری شاری سلێمانی(١٤)، پاشان هەریەک لە: جەمال بابان (١٨٩٣ - ١٩٦٦) وەزیری دادوەری وەکیلی ساڵح جەبر لە سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، یووسف غونیمە (١٨٨٥ - ١٩٥٠) وەزیری دارایی و جەمیل عەبدولوەهابی (١٩٠٧- ١٩٧٣) وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی دەستیان لە کارکێشایەوە(١٥).

دەرئەنجام و پێشهاتەکانی ئەم هەنگاوانە بووە مایەی ئەوەی کە لەمە بەدواوەو بەهۆی کەمی ڕێژەی گونجاوەوە، کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی وەزیران نەکرێت، هەر بۆیە عەبدولئیلای وەسی (١٩١٣- ١٩٥٨)(١٦) لە ڕێگای ئەحمەد موختار بابان (١٩٠١ - ١٩٧٦)(١٧)ی سەرۆکی دیوانی شاهانەی عێراقەوە داوای لە ساڵح جەبری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کرد، بۆ ئەوەی دەست لە کاروباری وەزارەت بکێشێتەوە، ئەویش لە(٢٧ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨)دا دەقی دەست لەکار کێشانەوەکەی خۆی پێشکەش بە عەبدولئیلای وەسی کرد و ئەویش سەر لە ئێوارەی هەمان ڕۆژ و دوای قبوڵکردنی دەست لە کار کێشانەوەکەی، ڕاستەوخۆ لە ڕێگای سەرچاوەکانی ڕاگەیاندنەوە، بڵاوی کردەوە و کۆتایی بە وەزارەتەکەی ساڵح جەبر هێنا، دوای دوو ڕۆژ و لە ماوەی (٢٩ی کانوونی دووەم- ٢٣ی حوزەیرانی ١٩٤٨)دا، کەسایەتییەکی ئایینی وەک سەید محەمەد ئەلسەدر (١٨٨٢- ١٩٥٦)(١٨)ی: «ئاخوندی جوببە لەبەر و عەمامە لەسەر»(١٩)، بەمەبەستی دامرکاندنەوەی بارودۆخی ئەوکاتەی عێراق و شاری بەغدا وەزارەتێکی بەهێز و نوێی بەم شێوەیە پێک هێنا:

١- محەمەد ئەلسەدر سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران.
٢- جەمیل مەدفەعی وەزیری ناوخۆ.
٣- حەمدی پاچەچی وەزیری کاروباری دەرەوە.
٤- ئەرشەد عومەری وەزیری بەرگری
٥- عومەر حەسەن نەزمی وەزیری دادوەری.
٦- مستەفا عومەری وەزیری ئابووری.
٧- محەمەد ڕەزا شەبیبی وەزیری مەعاریف.
٨- نەجیب ئەلڕاوی وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی.
٩- سادق بەسام وەزیری دارایی.
١٠- محەمەد مەهدی کوبەی وەزیری تەموین.
١١- جەلال بابان وەزیری ئەشغال و هاتوچۆ.
١٢- نەسرەت فارسی وەزیری بێ وەزارەت.
١٣- داود حەیدەری وەزیری بێ وەزارەت.
١٤- محەمەد ئەلحەبیب وەزیری بێ وەزارەت(٢٠).

بەڵام کۆنسوڵی ئەمەریکی لە شاری بەسرە داڤید ماکیلۆپ لای خۆیەوە و لە ڕێگای بەرزکردنەوەی ڕاپۆرتێکەوە کە بۆ حکوومەتەکەی خۆی و فەرمانڕەوایانی سەرووی خۆی حەواڵەی کردووە، بە زۆری باسی لەوە کردووە کە زۆرێک لە دانیشتوانی باشووری عێراق، تەنانەت دەوڵەمەندان و هۆز و خێڵە دێهاتنشینەکانی ناوچەکانی باشوور، زۆر دڵگرانن بەرانبەر بەبڕیاری وەسی و دوور خستنەوەی ساڵح جەبری سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران لە پۆستەکەی، بەوەی کە ئەمەیان پیلانێکی سوننە مەزهەبەکان بێت بۆ کۆتایی هێنانی دەسەڵاتی یەکەمین سەرۆک وەزیرانی شیعەمەزهەب لە عێراقدا، هاوکات لە لایەکی دیشەوە کۆنسوڵی بەریتانی لە شاری (عیمارە) لە ڕێگای ڕاپۆرتێکییەوە، وای

لێکداوەتەوە بەوەی کە بۆچوونی گشتی لە ناوچەکەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ پلانێکی نەخشە بۆ داڕێژراوی سوننەکان بووە، دژی دەسەڵاتی شیعەکان لە کاروباری دەوڵەتدا، تەنانەت بەپێی ئەو زانیارییانەی کە ڕاپۆرتی ناوبراو گرتوویەتییە خۆی، هەستی دانیشتوانی ناوچەی مونتەفیک کە دەبێتە شوێنی لە دایک بوون و گەورەبوونی ساڵح جەبر، زۆر زیاترە بەرانبەر بەم بۆچوونە، بەڕادەیەک بەشێک لە سەرۆک هۆزەکانی ناوچەکە داوای ئەوەیان لە وەسی کردووە، یارمەتی هێزە چەکدارییەکان بدات، بەمەبەستی شکست پێهێنان و سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکان(٢١).

## تەوەری سێیەم: کورد و ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨

هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی (١٩٤٨)ـەوە، ئەوەشی پێوەندی بە گەلی کورد و ناوچە کوردنشینەکانی باشووری کوردستان، تەنانەت نیشتمانپەروەرانی کوردی دانیشتووی شاری بەغداوە هەبوو، ئەوە هەر لە سەرەتاکانییەوە شان بەشانی دانیشتوانی بەغدای پایتەخت و شارەکانی تری ئەوکاتەی عێراقی وەک: دیوانیە، ناسریە، بەسرە، سلێمانی، مووسڵ(٢٢). ئەمانیش هاتوونەتە سەر شەقامەکانی شار، جگە لەوەش هەر لە شاری بەغدای ئەوکاتەدا: پارتی دیموکراتی کورد لە چوارچێوەی لیژنەی خوێندکارانی کۆلێژ و پەیمانگاکانی ئەوکاتەیدا و شانبەشانی چالاکی خوێندکاران کە هەموو حزبە نهێنی و ئاشکرا نیشتمانییەکانی ئەوکاتەی عێراقی لە خۆگرتبوو، ئەمانیش تێیدا بەشداربوون و لەگەڵ ئەوەشدا پارتی دیموکراتی کورد بوو بە ئەندامی: (لیژنەی نهێنی هاوکاری نیشتمانی)، تەنانەت نوێنەرەکەشی بۆ ئەم مەبەستە کەسایەتییەکی وەک ڕەشید عەبدولقادری ئەندامی مەکتەبی سیاسی بوو، هەروەها نوێنەری (باڵی پێشکەوتنخوازیی - الجناح التقدمي) حزبێکی وەک نیشتمانی دیموکراتی (الوطن الديمقراطي)یش کامیل قازانچی و حزبی گەل (حزب الشعب)یش (عەبدولڕەحیم شەریف)ی برای (عەزیز شەریف)ی سەرۆکی حزب بوو، هەروەها حزبی شیوعی عێراقیش (مالیک سەیف) نوێنەرایەتی دەکردن، بەزۆری کار و چالاکی ئەمانەش بەسەریەکەوە بریتییە لە سەرپەرشتی کردن و پێکهێنانی لیژنەو کۆمیتەیەکی نهێنی سێ قۆڵی تایبەت کە بە زۆری ئەرکیان سەرپەرشتی کردن و سەرکردایەتی کردنی خۆپیشاندانی جەماوەری و ڕێکخستنی خەباتی گەل و دیاریکردنی دروشمە باڵاکانی خەباتی ئەم قۆناغەی کەوتبووە ئەستۆوە لە پێناو شکست و کۆتایی پێهێنانی پەیماننامەی پۆرتسمۆس(٢٣)، هەروەها لەلایەکی تریشەوە داواکاری کۆمەڵانی خەڵک و جەماوەری ڕاپەڕیو تا دەهات زیاتر بەرفراوان دەبوو، بەتایبەتی لە ڕۆژانی (٢٢ - ٢٤)ی کانوونی دووەمی ١٩٤٨) بەدواوە بەزۆری بەشێک لە داواکاری و دروشمە سەرەکییەکانیان لە مانەی خوارەوەدا سەرچاوەیان دەگرت:

١- پووچەڵکردنەوەی تەواوی بنەماکانی پەیماننامەی پۆرتسمۆس.

٢- ڕووخاندنی حکوومەتەکەی ساڵح جەبر و پێکهێنانی وەزارەتێکی نیشتمانی نوێ.

٣- دادگاییکردنی ئەو وەزیرانەی کە بەشدارییان لە مۆرکردنی ڕێکەوتننامەکەدا کردبوو.

٤- هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی نوێنەران و هەڵبژاردنەوەی ئەنجوومەنێکی نوێ، کە تەواوی داواکاری و خواستە نیشتمانییەکانی کۆمەڵانی خەڵکی عێراق بهێنێتەدی، سەرەڕای ئازادکردنی گیراوە سیاسییەکان و چارەسەرکردنی کێشەی ئابووری وڵات.

٥- هەموو هێزەکانی بەریتانیای داگیرکەر دەست لە تەواوی خاکی عێراق هەڵ بگرن(٢٤).

لەلایەکی تریشەوە پارتی دیموکراتی کورد لەگەڵ حزبی شیوعی عێراقیدا جگە لە شاری بەغدای پایتەخت، بەشداری ئەو لیژنانەی تریان دەکرد، کە لەشار و لیواکانی تری عیراق و ناوچە کوردنشینەکاندا هاتبوونە کایەوە، بەتایبەتی شارەکانی وەک سلێمانی و هەولێر و نەجەف و کەربەلا و بەسرە، بە جۆرێک لە ئەنجامدا لەسەر شێواز و ناوەڕۆکی هەموو ئەو دروشمانە ڕێک کەوتوون کە لەکاتی ناڕەزایی خۆپیشاندانەکاندا دەوتران و بەرز دەکرانەوە، هەرچەندە هەر حزب و لایەنێک وایان بەباش دەزانی کە دروشمی تایبەت بەخۆیان و حزبەکانیان هەبێت لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا، وەک ئەوەی پارتێکی وەک دیموکراتی کوردی ئەوکاتە کە سەرۆکەکەی مەلا مستەفای بارزانی بوو، لە ژیانی دوورخراوەیی و تاراوگەی یەکێتیی سۆڤیێت دەژیا، بەشێکی زۆری دروشمە حزبییەکانی

ئامـاژەکـردنی تەواوبوو بۆ ناوهێنانی کـوردسـتـان و سـەرکـردەکـەی مـەلا مـسـتـەفـای بارزانی (١٩٠٣- ١٩٧٩)، هەروەها داواکـاری بۆ ئازادکـردنی بەندکـراوە بارزانییـەکان لەلایەن حکوومـەتی ئەوکاتەی عـێراقەوە، سەرەڕای داواکارییەکانی حزب بۆ درێژەدان بە مانگرتن و خۆپیـشـاندانی جەمـاوەری بە بۆنەی چلەی شـەهیـدانی ڕاپەڕینی کانوون لە شارەکـانی هەولێر و سلێمانی(٢٥)، جگە لە هەمـوو ئەوانە لە کـوردسـتـان و ناوچە کـوردنشـینەکـانی باشـووری کوردسـتـانەوە لە زۆر شـار و شـارۆچکەی ئاوەدانی ئەو دەمـانەوە، شـاند و وەفـدی کـوردی هاتوونەتە شـاری بەغـدای پایتـەخت و تێکەڵ بە ئاپۆرای نارەزایی و تەواوی ئەو خۆپیشـاندانانە بوون کە ڕۆژانە کـۆمـەڵانی خـەڵک دژ بەمـۆرکـردنی پەیماننامـەی (پۆرتسمۆس) و سیاسەتی حکوومەت و فەرمانڕەوایانی عێراق و بەریتانیای داگیرکەر بەرپایان دەکرد، بەتایبەتی لە شـارە ئاوەدانەکـانی ئەو دەمـانەی وەک: (سلێـمـانی، کـەرکـووک، خـانەقین، هەولێـر، کـۆیە، ڕانیـە، زاخـۆ و...تاد).

بۆ نموونە دانیشتوانی شارێکی ئاوەدانی وەک سلێمانی ئەوکـاتە، پێش ئەوەی شـاندی تایبـەتییـان بگاتە شـاری بەغدا: هەر ڕۆژەی خۆپیشاندانێک، کۆبوونەوەیەک، یان مانگرتنێکیان سازدەکرد، وەک ئەوەی لە گەرمەی ڕۆژانی ڕاپەڕینەکـەدا نیـشـتـمـانپـەروەرانی شـاری سلێـمـانی بە نامـەیەکی تایبـەتی ئەم داخـوازییـانەیان خـسـتـووەتە بەردەمی وەزارەتەکەی ساڵح جەبر:

١- دانی مافە دیموکراتییەکانی گەل.
٢- ڕێگەدان بە ژیانی پارتایەتی سەربەخۆ.
٣- ڕێگەدان بە دامەزراندنی جڤاتی کرێکاران.
٤- ئازادکردنی هەموو گیراوە سیاسییەکانی عێراق.
٥- لابردنی پەیمانی ساڵی ١٩٣٠.

هەروەها گەیەنەرانی نامەکە وەک ئەوەی دوکتۆر کەمال مەزهەر لە بارەیانەوە نووسیویەتی، بەم شێوازە کۆتاییـان بە نامـەکـەیان هێناوە کە تێیـدا هاتووە: «دانیـشـتـوانی شـارەکـەمان دەست لە خـەباتی خۆیان هەڵناگرن، تاوەکو ئەم داخوازیانە جێبەجێ دەکرێن» (٢٦)، بەڵام سەبارەت بەو شـاند و وەفـدەی کـورد کـە لە کـوردسـتـانەوە و لە مـانگەکـانی شـوبات و مـارت و نیـسـانی (سـاڵی ١٩٤٨)ـەوە، کـە هاتوونەتە شاری بەغـداو لەڕێکەوتی (١٣ی شوباتی ١٩٤٨)دا نوێنەرانی شارەکانی هەولێر و کۆیە هاتوونەتە شاری بەغدا و دوای ئەوەی، کە سەردانی گۆڕی شەهیدانیان کردووە، هاوکات لەگەڵ دانیشتوانی ئەوکاتەی شاری بەغدا بەشداری ناشتنی تەرمی شەهیدی نیـشـتـمـانپـەروەری کـوردی فـەیلی (حـسێن عـەلی)یان کردووە کە پێشتر و لەکاتی بەشداریکردنی لە یەکێک لە خۆپیشاندانەکانی ئەوکاتەی شاری بەغدا بریندار دەکرێت و دواتر کـۆچی دوایی دەکـات. هاوکـات هەر لەو سـەروبەندەشـدا گـۆڤـاری گـەلاوێژ (١٩٣٩ - ١٩٤٩)(٢٧)، کـە هەر لەو دەمـانەدا هەر یەک لە ئیـبـراهیم ئەحـمـەد (١٩١٤ - ٢٠٠٠) و عـەلائەددین سـوجـادی (١٩٠٧ - ١٩٨٤) لە شـاری بەغـدا بڵاویان کردووەتەوە، لەژمارە (٣)ی ساڵی نۆیەم و مانگی مارتی (١٩٤٨)یدا، پێش دەچێت لە نووسین و ئامـادەکـردنی مامـۆسـتا عـەلائەددین سـوجادی بێت، بە ناوونیشـانی: (پۆسـتـەی کـوردەواریی)ـەوە ڕاپۆرتێکی (١٠) لاپەڕەیی بە وێنەی پێـویسـتـەوە بڵاوکـردووەتەوە و تاڕادەیەکی زۆر باش ڕوومـاڵێکی ڕۆژنامـەوانی و بەشـداری کـۆمـەڵانی خەڵک و کوردانی زۆرێک لە شار و ناوچەکانی باشووری کـوردسـتـانی تۆمـارکـردووە، وەک ئەوەی لە سـەرەتای ڕاپۆرتەکـەیدا، گـۆڤـاری بەناوبانگی گـەلاوێژ زۆر جـوانی پێکاوە، لە بەشـێکی ڕاپۆرتە ڕۆژنامـەوانییـەکـەیدا نووسیویەتی:

«کوردەواریی لە هەموو شت بە لایانەوە خۆشتر گیـانی برایەتی و جـەرگی یەکـێتـییـە چ لە بەین خۆیانا چ لەگەڵ برا عـەرەبەکـانیـانا، بەڵام داخی بەجـەرگم تا ئێـسـتـە ئەوەتەی حکوومـەتە نازدارەکـەی عێراق سەری بردۆتە ناو حکوومـەتـانـەوە و کورسیـەکـەی لە دیوەخـانی دەوڵەتەکانا داناوە لە هەمـوو دەورێکدا جـۆرە پیـاوی وا سـەری هێناوەتە کـۆڕی ئیش کـردنەوە، کـە بێـجگە لە قـازانج پەرستی خۆی نەبێت، هیچ ئامانجێکی تری نەبووە، ئەو تەمـاعـەی کـە ئەو بوویەتی بە هیچ بارێکا پێی نەگەیشتووە مەگەر بەوە نەبێ، کە ببێـتە هۆی دووبەرەکی و ئاژاوە هەڵگیـرساندن، ببێتە هۆی ئەوە خەڵک بدا بەگژ یەکـا و دوژمنایەتی پەیدا بکا و خۆیشی لەو لاوە وەکـو کـوڕی سـەربانان بۆ خـۆی دەرچێ! سا هەرچی قـەومـاوە قـەوماوە!!» (٢٨)، هەر وەک دەشبینی گۆڤاری گەلاوێژ لە درێژەی ڕاپۆرتەکەی خۆیدا سەبارەت بە بەشداری شار و ناوچەکانی باشووری کوردستان لە بارەی بەشداربوون و سـەردانی کـردنی هەردوو شـاری هەولێـر و کـۆیەی

ئەوکاتەوە نووسیویەتی: «لە ڕۆژی (١٣ی شوباتی ١٩٤٨)دا پۆستەی کۆیە و هەولێر گەیشتنە جێ، ئەوەی پێی بلێن پیاوەتی نواندیان، بە شەقامەکانا و سەر گۆڕی شەهیدەکانیدا گەڕان. چەپکە گوڵیان بە دیاری بۆ بردن پێیان وتن وا مەزانن کە ڕۆیشتوون! نە ڕۆیشتوون لە گۆشەی دڵمانا جێتان تەرخانە، بەوەش وازیان نەهێنا لەگەڵ کوڕگەلی فەیلیدا تەرمەکەی حسێن عەلی تازە پێگەیشتوویان بردە شارە پیرۆزەکەی نەجەف».

هەر لە ڕۆژگاری ڕاپەڕینی (کانوونی ١٩٤٨)دا، خوێندکارێکی ئەوکاتەی کۆلێژی (حقوق)ی خەڵکی شاری کۆیەی وەک عومەر مستەفا ناسراو بە (عومەر دەبابە ١٩٢٣- ١٩٩٢)(٢٩)، لە کاتی ڕوو بەڕووبوونەوەیان لەگەڵ هێزەکانی پۆلیسدا بریندار دەکرێت (٣٠)، بەڵام سەبارەت بە بەشداری دانیشتوانی شاری سلێمانی و ڕانیە و زاخۆ بەهەمان شێوە لە (گۆڤاری گەلاوێژ)ی هەمان ژمارەدا هاتووە: لە «ڕۆژی ٢٦ی شوباتی ١٩٤٨ کوڕگەلی سلێمانی گەیشتن، تەنیا ئەوان (٣٠٠) کەسێک بوون، لەگەڵ لاوەکانی ڕانیە و زاخۆ یەکیان گرت، کە کۆبوونەوە دیمەنی (٥٠٠) کوردی جوامێری دلێری دڵ بریندارت دەدی کە بۆ پرسەی برایەکی هاوفیکریان دەچن لە دەشتی مەلیک فەیسەڵ»دا، لەپاش ئەوەی کە بە ڕیز بەرەو گۆڕستانی (باب المعظم) لە شەقامی ڕەشیدی ئەوکاتەوە و لە سەعات دوو و نیوی پاش نیوەڕۆ بەڕێ دەکەون و سەرەڕای هەڵکردنی ئاڵای عێراق، دوابەدوای ئەوە کۆمەڵێک پیاوماقووڵ و ڕدێن سپی: «بەجلی کوردییەوە، چوار چوار بەشوێنی ئاڵاکەوەو دوا بەدوای ئەوەش بەیداخی سلێمانی، ڕانیە، زاخۆ و بە شوێن ئەوانیشدا کچانی کورد چەپکە گوڵیان بە دەستەوەیەو لە پاشاندا لاوانی کورد بەجلوبەرگی کوردی و بەیداخی پرسەوە، بە شوێن ئەوانا جووتە منداڵێکی بچکۆلە بە مراخانی و شەرواڵەوە، دیسان کچان بە چەپکە گوڵ و ڕەیحانەوە، لە شوێنیانەوە ڕیزی کۆرپە کوردەکانی قوتابخانەی فەیلی، سەرە هاتەوە سەر لاوەکان بە خۆیان و بەیداخەکانیانەوە، لەم بەیداخانەدا هەموو جۆرە شتێک نووسرابوو لەوانە: پرسەی شەهیدەکان، وەفدی کوردەکان، ژیانی کورد و عەرەب، برایەتی کورد و عەرەب، داواکردنی ئاسایشی وڵات» (٣١). هەموو ئەم دروشمانەش کە گۆڤاری گەلاوێژ ئاماژەی بۆ کردوون و تۆماری کردوون، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا بەوردی باسی لەوەش کردووە کە لەم ڕێوڕەسمەشدا: «لە نێوان هەر بیست هەنگاویدا دوو کورد یەکێ لەلای ڕاست و یەکێک لەلای چەپ بە جلوبەرگی کوردی و بە فیشەک و تفەنگی بڕنەوەوە دەڕۆیشتن، ئەمانە هەموو پەردەیەکی کشوماتی ماتەمیان بەسەرا کێشرا و هەموو دەستە و کەمەر و لەسەرخۆ ملی ڕێیان گرت بەبێ دەنگی و بە بێ ورتە عالەمی بەغدا هەر لە ساحەی مەلیک فەیسەڵەوە تا گۆڕستانی (باب المعظم) بە ژن و پیاوەوە ئەم بەر و ئەوبەری شەقامی ڕەشیدیان گرت و سەیری ئەم دیمەنەو ئەم نمایشەیان دەکرد». وەک ئەوەی لە سەعات چواری ئێوارەی هەمان ڕۆژدا شاندی جەماوەریی شاری سلێمانی: «گەیشتوونەتە گۆڕستان و چوونەتە ژوورەوە، چەپکە گوڵە دیاریەکانیان لەسەر گۆڕی شەهیدی ڕێی ئازادی داناوە و بەدەوری گۆڕەکەدا پوورەیان داوە».

دوا بەدوای هەموو ئەوانەش کەسایەتی و شاعیرێکی نیشتمانپەروەری وەک محەمەدی ئەحمەد تاها، واتە (کامەران موکری ١٩٢٩- ١٩٨٦)(٣٢) کە لە شاری سلێمانییەوە، هاوسەفەری وەفدی کوردی و شاندی کوردانی شاری سلێمانی بووە، وەک ئەوەی لە ڕاپۆرتە ڕۆژنامەوانییەکەی (گۆڤاری گەلاوێژ) ئاماژەی بۆ کردووە، هەستاوەتە سەرپێ و «بەزمانی کوردی دەستی بەخوتبەدان کردووە»، هەروەها لە چوارچێوە و لە درێژەی وتاردانەکەیدا لەسەر گۆڕی شەهیدانی (کانوونی دووەمی ١٩٤٨) و بەپێی گۆڤاری گەلاوێژ، کە بەشێکی زۆری لە وتار و لە قسەکانی تۆمارکردووە، وتوویەتی ئەی: «شەهیدەکانی ڕێی ئازادی، ئەوە پۆستەی سولەیمانی و کوردەواریی ڕێگەیەکی دووردرێژیان بڕیوە و هاتوون بۆ دیدەنیتان، ئەوگیانە پاکانەتان کە بە زۆری گوللە کۆچی ماڵاواییتان لە لەشەکانتان پێ کراوە، ئەوە بەسەر سەرمانەوە وەکو پەپوولە ئەسووڕێنەوە، گوێیان لە قسەکان و چاویان لە دیمەنەکەمانە...ئەی نەونەمامەکان وامەزانن کە ڕۆیشتوون و ناوتان کەوتۆتە دیاری بێگانە! ناوەکانتان و تابوی لە شەکانتان جێی خۆیان گرتووە لە دڵی ئەم هەموو کچ و کوڕی کوردەوارییەدا کە چەپکە گوڵەکانیان لە ڕێگەیەکی دوورەوە هێناوە بۆ سەر گۆڕەکانتان.».

هەر دوابەدوای کامەران موکری شاعیر، چەند کەسێکی وەک ساڵح ڕوشدی و عامرەی کچی عەلی حەیدەر

سلێمـــان بەزمــانی عــەرەبی و لە هەمــان بۆنەدا وتاری ئاگرینی خـۆیان دەخـوێننەوە و بە زۆری جەخت لەسەر درێژەدان بەکـاروانی خـەبات و ئازادی ڕۆژنامـەوانی و چالاکی حزبایەتی و ئازادکردنی گیراوەسیاسییەکانیان کردووە لەوانە: «ئازادکردنی بارزانییەکان» وەک ئەوەی لە درێژەی وتارەکەی (ساڵح ڕوشدی)دا هاتووە(٣٣). هاوکات لە بارەی سلێمانی و شاندی جەماوەریی شاری سلێمانییەوە دوکتۆر کەمال مەزهەر (١٩٣٧)(٣٤) باس لەوە دەکات، کە چۆن لە کاتی خۆپیشاندانەکانی شاری بەغدا سەراب بابان (١٩٣٦)ی کچی ئەحمەدموختار بابانی سەرۆکی دیوانی شاهانەی عێراق کە لەوکاتەدا هێشتا تەمەنی دوازدە ساڵان بووە و چۆن لە پێشی پێشەوەی شاندی جەماوەریی شاری سلێمانییەوە دەڕوات و هاوکات لەدوای ئەویشەوە کۆمەڵێک کەسایەتی و ناوداری ئەوکاتەی شار وەک: جەلیل هۆشیار و ئەحمەد حەسەن قادر و حەمەی وەستا قادری شیرگەر و فیکرەت ڕەئووف دەبینرێن. سەرەڕای: ئەمین ئاغای حاجی مەلا محێدینی برای تەها محێدین مەعرووف (١٩٢٤- ٢٠٠٩)ی جێگری سەرۆک کۆماری عێراقی پێشوو لە سەردەمی حزبی بەعس و کەمالی حاجی شەفیقی برای گەورەی دوکتۆر جەلالی حاجی شەفیقی سەرۆکی زانکۆی سلێمانی و وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە ئیدارەی سلێمانی پێشوو(٣٥).

هەروەک دەوترێت دوای ماوەیەک کە ساڵح جەبر بە میوانی سەردانی ماڵی ئەحمەدموختار بابان دەکات و لەوێ چاوی بە سەراب دەکەوێت و ئەحمەدموختار پێی دەناسێنێت، ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: «جەناب زۆر چاکی دەناسم، دەزانم ئەو کچەی لە پێش خۆپیشاندانەکەی سلێمانییەوە دژی ئێمە دەڕوات سەرابە.»(٣٦)، ئەمانە و سەرەڕای هەموو ئەو جۆرە نارەزایی و خۆپیشاندانانەشی، کە چین و توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵانی خەڵک لە شارێکی وەک سلێمانی دژی مۆرکردنی (پەیماننامەی پۆرتسمۆس) و حکومەتەکەی ساڵح جەبر گرتبوویانە بەر، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەو ناوەندی ڕووناکبیریی بەریتانیا (British Cultural Center)شی گرتەوەو لەلایەن کۆمەڵانی خەڵک و هاوکات بە پاڵپشتی ڕێکخستنەکانی ئەوکاتەی حزبی شیوعی عێراق و پارتی لە شاری سلێمانیدا، وەک ئەوەی هەریەک لە بەهائەددین نووری (١٩٢٧) و مستەفا ساڵح کەریم (١٩٣٤) باسی لێوەدەکەن، هێرشی کراوەتە سەر و سووتێنراوە، بەڵام بەڕێوەبەرەکەی، واتە (عەلی حاجی مەلا شەریفی سەعاتچی) کە بۆخۆی کوردێکی ئەڵقە لە گوێی فەرمانڕەوایانی بەریتانی و خەڵکی شاری سلێمانی و هاوکات بەڕێوەبەری ناوەندەکەش بووە، توانیویەتی لە دەستی جەماوەری ڕاپەڕیو و لایەنگیرانی پارتی و حزبی شیوعی هەڵبێت(٣٧)، کەچی هەندێ سەرچاوە ئاماژە بەوەدەکەن جگە لە عەلی حاجی مەلا شەریفی سەعاتچی، چەند کەسێکی تری وەک: ڕەزای شێخ محەمەدی گولانی و حەمیدی شێخ غەریب و محەمەد مستەفا، واتە حەمە بۆری نووسەر کە کارمەندی ناوەندی ڕووناکبیریی ناوبراو بوون، لە دەرئەنجامی خۆپیشانی کۆمەڵانی خەڵکدا کەسێکی وەک حەمەبۆر سەرەڕای ڕاوەدوونانی لەلایەن جەماوەرەوە کە گوایە بریندار کراوە!!(٣٨).

ماوەتەوە بڵێین: لە کۆتاییەکانی ڕاپۆرتەکەی گۆڤاری گەلاوێژی بەناوبانگیشدا و بەناوونیشانی «پۆستەی خانەقی»ـە کە شاندی ئەم شارە ئاوەدانەی باشووری کوردستان، بەماوەیەک دواتر و لەڕێکەوتی (٥ی مارتی ١٩٤٨)دا، کە دەگەنە شاری بەغدا نووسیویەتی: کوڕگەلی خانەقی سۆزی دەروون و خۆشویستنی یەکێتی عێراقی خستنیە سەر ئەو باوەڕەوە کە لە برا کورد و عەرەبەکانی تریان دوانەکەون! بۆچی؟؟ بۆ ئەوە نیشانی شەهیدەکانی ڕێی ئازادی بدەن کە ئەو ڕێگەیەی ئەوان پیایا ڕۆیشتن، ڕێگەیەکە هەموو دانیشتوانی ئەم وڵاتە پێیدا ئەڕواو پێشانی هەموو دۆست و دوژمنێکی بدەن کە ئەم پەڕ و ئەوپەڕی عێراق یەک گیان و یەک دەنگی هەیە. لەبەر ئەمە لە ڕۆژی (٥ی مارتی ١٩٤٨)دا گەیشتنە بەغدا و لە گۆڕەپانی (مەلیک فەیسەڵ) کە یەکیان گرت و بەڕێ کەوتن، تەنیا دیمەنی سەد کوردی خانەقی و سەد کوردی بەغدات ئەدی کە گەیشتنە سەرگۆڕستان ئیش لە هەزار کەسا نەما»، وەک ئەوەی لێرە بەدواوە کوردانی شاری خانەقینیش بە هەمان شێوەی شاندەکانی شارەکانی تری باشووری کوردستان لە سەعات هەشت و نیوی بەیانییەوە لە (شەقامی ڕەشید)ی شاری بەغدا بەرەو گۆڕستانی (باب المعظم) و سەر ئارامگای شەهیدەکانی ڕاپەڕینی (کانوونی دووەمی

١٩٤٨) دەبنەوە و لەگەڵ خۆشیاندا کۆمەڵێک دروشمی لەم جۆرەیان هەڵگرتووە لەوانە: «بژی یەکێتیی کورد و عەرەب، پۆستەی خانەقی، دیدەنی لە شەهیدەکان، تۆڵەی شەهیدەکان»، ئەمانەو کۆمەڵێک دروشمی تر، پاشان لە سەعات یازدەی نیوەڕۆ بەدواوە دەگەنە سەر ئارامگای شەهیدەکان و چەپکە گوڵی خۆیان وەک دیارییەک لەسەر ئارامگاکانیان دادەنێن، لە هەمان بۆنەشدا کەسایەتییەکی وەک (ساڵح ڕوشدی) بە هەمان شێوەی ڕۆژانی دی بە زمانی عەرەبی و بە ناوی کوردانی شاری خانەقینەوە وتاریک دەداو دوابەدوای ئەویش کچێک بەناوی (سوعاد ئەمین والی)ـەوە، هەر بە زمانی عەرەبی و بەناوی کوردانی خانەقینەوە وتارێک دەخوێنێتەوە وەک ئەوەی لە بەشێکیدا وتوویەتی: «ئەو گیانبازیەی ئێوە لە سەری بوون وا مەزانن هەرئەوەندە بوو و ئیتر ڕۆیشت! دانیشتوانی ئەم وڵاتە بە کورد و عەرەبییەوە لە سەرین و بەیەک باوەڕ دەمارەکانیان ئاودرا! وا براکانی خانەقی هاتوون سڵاو و چەپکە گوڵیان بۆ هێناون. سڵاوتان لێ ئەکەن، چونکە هاوبیریانن، چەپکە گوڵیان بۆ هێناون بۆ ئەوەی گۆڕەکەتان ببێ بە هەیکەلێک بۆ ئەوکەسانە کە تاریخی ئازادی پەرستەکان ئەنووسنەوە، لەپاشا فاتیحایان دادا و ماڵاوایان لێ کردن» (٣٩).

لە سەرکەوتنی ڕاپەڕینی (کانوونی دووەمی ١٩٤٨) بەدواوەو پاش ئەوەی کە ساڵح جەبر وەک پێشتریش ئاماژەی بۆ کرا، دەستی لە کاروباری وەزارەت کێشایەوە و لەسەر ڕاسپاردەی وەسی، کە سەید محەمەد سەدر لە ماوەی (٢٩ی کانوونی دووەم - ٦ی حوزەیرانی ١٩٤٨) وەزارەتێکی نوێی پێک هێنا، پارتی دیموکراتی کوردیش ڕاستەوخۆ بەیاننامەیەکی بڵاوکردەوە و تێیدا ئەوەی ڕاگەیاندووە کە ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ سەرکەوتنی گەلانی عێراق بووە بە کورد و عەرەبەوە، کە تێیدا خوێنیان تێکەڵی یەکدی بووە، لەلایەکی تریشەوە بەیاننامەکەی پارتی دیموکراتی کورد ئەوەشی ڕوون کردووەتەوە، کۆمەڵانی خەڵک نابێت بڕوایان بەم حکوومەتە و کاربەدەستەکانی هەبێت، بەوەی زۆربەیان لە کاربەدەست و سەر بە حکوومەتەکانی پێشووترن، وێڕای داواکردنی لە چوارچێوەی بەیاننامەکەیدا و بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەو داواکارییانەی کە هێزە نیشتمانییەکانی دی جەختیان لەسەرکردووەتەوە لەوانە: هەڵوەشانەوەی پەیماننامەی ساڵی (١٩٣٠) و دادگاییکردن و سزادانی ئەو بەرپرسانەی کە دەستیان لە خوێنی شەهیدانی کانووندا هەبووە لەوانە: (ساڵح جەبر و نووری سەعید و جەمال بابان) و ڕێزگرتن لە ئازادی دیموکراتی و ئازادی تەعبیرکردن و بۆچوونی سیاسی و حزبایەتی، لەگەڵ هەڵوەشانەوەی پەیماننامەکانی (عێراقی - تورکی) و (عێراقی - ئوردنی)، کە هەردووکیان لە لایەن حکوومەتی ساڵح جەبری پێشووەوە مۆرکرابوون، سەرەڕای هەنگاونان بۆ ڕیفۆرم و چاکسازی لە بوارە جۆر بە جۆرەکانی وەک دامودەزگای کارگێڕی و دادوەری و حکوومیدا (٤٠).

کەچی بەپێچەوانەوە حکوومەتەکەی (سەید محەمەد سەدر)یش لای خۆیەوە حوکمی عورفی ڕاگەیاند و بۆ ئەو مەبەستەش سێ مەحکەمەی عورفی لە شارەکانی بەغدا و کەرکووک و سلێمانی پێک هێنرا، لەگەڵ ئەوەشدا کەوتە دەستگیرکردن و بەندکردنێکی بەرفراوانی ئەندامانی هێزەنیشتمانییەکان، بەتایبەتی و بەشێوازێکی سەرەکی ئەندامانی پارتی دیموکراتی کورد لەوانە دەستگیرکردنی پارێزەر ئیبراهیم ئەحمەد کە ڕۆڵێکی بەرچاوی لە خۆپیشاندانەکانی ڕاپەڕینی کانوونی دووەمی (١٩٤٨)دا هەبوو، لەڕێگای ئەو وتاردان و خیتابە جەماوەرییانەی کە بۆ کۆمەڵانی خەڵکی دەدا، ئەمەش بووە مایەی ئەوەی کە بۆ ماوەی (١٠) ساڵی تەواو حوکمی بەندکردنی بۆ دەربچێت، جگە لە دەستگیرکردنی ڕەشید عەبدولقادر و بەندکردنی بۆ ماوەی (٣) ساڵ، دوابەدوای ئەوەش حکوومەتی عێراق کەوتە دەستگیرکردن و دوورخستنەوەی ژمارەیەکی زۆر لە نەتەوەخوازانی کورد بۆ ناوچەکانی باشووری عێراق و داخستنی هەموو گۆڤارە کوردییەکان و دواتریش دەستگیرکردنی سکرتێری پارتی دیموکراتی کورد هەمزە سەلمان عەبدوڵڵا (١٩١٥- ١٩٩٨)، سەرەڕای هەڵاتن و خۆشاردنەوەی ژمارەکی زۆر لە ئەندامان و بەرپرسانی پارتی لەو دەمانەدا (٤١)، ئەمانە و جگە لەو ڕاپەڕینە جەماوەرییانەی کە هەر لەو دەمانەدا و لە سەروبەندی (١٧ی ئەیلوولی ١٩٤٨)دا، ژمارەیەکی زۆر لە نیشتمانپەروەرانی شاری بەغدا، بۆ پشتگیری کردن لە جووتیارانی ناوچەی عەرەبەتی سەر بەلیوای سلێمانی ئەوکاتە، خۆپیشاندانێکی جەماوەرییان ڕێکخست و هەر

دروشمەکانی ئەمانیان هەڵگرت، کە دژ بە سیستمی پاشایەتی و دەرەبەگایەتی و قۆرخکردنی زەویوزاری کۆمەڵانی خەڵک بەرپایان کرد(٤٢).

**پەراوێزو سەرچاوەکان:**

١- جعفر عباس حميدي، تاريخ العراق المعاصر ١٩١٤-١٩٦٨، دار و مكتبة عدنان، (بغداد: ٢٠١٥)، ص ٢٠٩.

٢- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج ٧، (بغداد: ١٩٨٨)، ص ٥ - ٨.

٣- جعفر عباس حميدي، تاريخ العراق المعاصر ١٩١٤-١٩٦٨، ص ١٩٢- ٢٠٥.

٤- ئەرشەد ئەلعومەری: لە ساڵی (١٨٨٨)دا، لە شاری مووسڵ لە دایک بووەو لەساڵی (١٩٢٩)دا، خوێندنی لە قوتابخانەی ئەندازیاری شاهانەی (ئەستەمبوڵ) تەواوکردووە، هاوکات ئەندامی (کۆمەڵەی بەرگری نیشتمانی - جمعية الدفاع الوطني) بووە، سەبارەت بەکێشەی ویلایەتی مووسڵ و بۆ پێوەندی کردن بەو لیژنە نێودەوڵەتییەوە کە (کۆمەڵەی گەلان) سەبارەت بەیەکلاییکردنەوەی کێشەی ویلایەتی مووسڵ پێکی هێنابوو، هەروەها لە بواری ئیداری و کاروباری وەزیریشدا گەلێک پلەی جۆربەجۆری لە عێراقی سەردەمی پاشایەتیدا وەرگرتووە لەوانە: بەڕێوەبەری شارەوانی بەغدا، وەزیری کاروباری هاتوچۆ لە سەردەمی وەزارەتی عەلی جەودەت ئەیووبی یەکەمی (٢٧ی ئابی ١٩٣٤- ٢٣ی شوباتی ١٩٣٥)دا، وەزارەتی کاروباری دەرەوە (١٩٤٤) و ئەوجا وەزیری بەرگری لە وەزارەتی دووەمی حەمدی پاچەچی (٢٩ی ئابی ١٩٤٤ - ٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦)دا، جگە لە هەموو ئەوانەش دووجار لە عێراقی سەردەمی پاشایەتیدا حکوومەتی پێک هێناوە یەکەمیان: لەڕێکەوتی (١ی حوزەیرانی ١٩٤٦ - ١٤ی تشرینی دووەمی ١٩٤٦) و دووەمیان: لە ڕێکەوتی (٢٩ی نیسانی ١٩٥٤ - ١٧ی حوزەیرانی ١٩٥٤). بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: منهل اسماعيل العلي، ارشد العمري ١٨٨٨- ١٩٧٨ دراسة تاريخية في دوره الاداري و السياسي والعسكري، (الموصل: ١٩٩٧)، عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج١٠، ط٧، (بغداد: ١٩٨٨)، ص ٢٨٢ - ٢٨٣.

٥- ساڵح جەبر: ساڵی (١٨٩٥) لە ناسریە لە دایک بووە، سیاسییەکی عێراقی سەردەمی پاشایەتییە، لەو ماوەیەدا، گەلێک پلەو پایەی سیاسی و ئیداری گرتووەتە ئەستۆ، هەر لە موتەسەریف، وەزیر، ئەندامێتی ئەنجوومەنی نوێنەران و پیران و ماوەیەکیش بووە بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران، دوای دەست لە کارکێشانەوەی نووری سەعید لە وەزارەتەکەی، لەسەر ڕاسپاردەی عەبدولئیلای وەسی لە (٢٩ / ٣ / ١٩٤٧)دا وەزارەتێکی نوێی پێک هێناو چوار ئەفسەرەکەی کورد (محەمەد مەحموود قدسی، عیزەت عەبدولعەزیز، خەیروڵلا عەبدولکەریم و مستەفا خۆشناو لەسەردەمی وەزارەتەکەی ساڵح جەبر و لە (١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧)دا لە سێدارەدا، بەساڵێک دواتر و هەر لە سەردەمی ئەمیشدا پەیماننامەی پۆرتسمۆسی (١٩٤٨) لە نێوان عێراق و بەریتانیا مۆرکرا، کە بووە هۆی نارەزایی خەڵک و ڕووخانی حکوومەتەکەی و لە (٦ی حوزەیرانی ١٩٧٥) لە شاری بەغدا کۆچی دوایی کردووە. للمزيد أنظر: خالد محمد الجنابي، الدستور (جريدة)، ٢٨ كانون الثاني، ٢٠١٤)، ئەحمەد باوەڕ، دۆزی کورد لە پێوەندییەکانی عێراق - ئێراندا ١٩٣٧- ١٩٤٧، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ٢، (سلێمانی: ٢٠١٤)، ل ٣٣٢.

٦- محەمەد فازیل جەمالی: دوکتۆر جەمالی لە ساڵی (١٩٠٣)دا، لە گەڕەکی کازمیەی شاری بەغداد هاتووەتە دنیاوە، سەرەتاکانی خوێندنیشی هەر لەم شارەوە دەستی پێ کردووە و ماوەیەکیش لە زانکۆی ئەمەریکی لە (بەیرووت) درێژەی بەخوێندن داوە و بۆ ماوەیەکیش لە وڵاتی عێراقی سەردەمی پاشایەتیدا گەلێک پۆست و پایەی جۆربەجۆری هەبووە و دوو جاریش لەهەمان ماوەدا بووە بە سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق یەکەمیان لە ڕێکەوتی (١٧ی ئەیلوولی ١٩٥٣ - ٢٧ی شوباتی ١٩٥٤) و دووەمیان: لە ڕێکەوتی (٨ ی مارتی ١٩٥٤ - ١٩ی نیسانی ١٩٥٤) و تا ئەو کاتەی لە ساڵی (١٩٩٧)دا، کۆچی دوایی کردووە. بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ط٧، ج ٩، دار الشؤون الثقافية العامة، (بغداد: ١٩٨٨)، ص ٥٣.

٧- نجدة فتحي صفوة، صالح جبر سيرة سياسية، دار الساقي، (بيروت: ٢٠١٦)، ص ٣٢٠.

٨- نجدة فتحي صفوة، صالح جبر، ص ٣٢٠.

٩- نجدة فتحي صفوة، المصدرالسابق، ص ٣٤٢.

١٠- زهير الدوري، الفكر السياسي للاحزاب والحركات العلمانية في العراق، (بيروت: ٢٠١٤)، ص ٩١، نجدة فتحي صفوة، صالح جبر سيرة سياسية، ص٣٤٧.

١١- مارف خەزنەدار، ڕۆژگاری من، پەیدابوون ١٩٣٠-١٩٤٩، بەرگی یەکەم، (هەولێر: ٢٠٠٩)، ل ١٩٧.

١٢- مارف خەزنەدار، س. پ، ل ١٩٧.

١٣- محمد مهدي الجواهري، ذكرياتي، الجزء الثاني، دارالرافدين، ط١، (دمشق: ١٩٩١)، ص ١٥- ٢٥، نجدة فتحي صفوة، صالح جبر سيرة سياسية، ص ٣٧٨.

١٤- سالار عبدلكريم فندي الدوسكي، دور نواب السليمانية في المجلس النيابي العراقي ١٩٤٥- ١٩٥٨، من منشورات الاكاديمية الكوردية، (اربيل: ٢٠٠٨)، ص ٢١٢، نجدة فتحي صفوة، صالح جبر، ص ٣٨٠.

١٥- نجدة فتحي صفوة، صالح جبر، ص ٣٧٩ - ٣٨٠، عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج٧، ص ٢٦٦- ٢٧٣، سالار عبدالكريم الدوسكي، ص ٢١٢.

١٦- عەبدولئیلای وەسی: لە (٢٤ تشرینی دووەمی ١٩١٣) لە شاری تائیفی وڵاتی حیجاز هاتووەتە دنیاوە و دەبێتە کوڕی شەریف عەلی کوڕی شەریف حسێنی مەککە و لەگەڵ باوکیدا سەردانی شاری بەغدای کردووە و سەرەتاکانی خوێندنی لە شاری (قودس)ـەوە دەست پێ کردووە و دواتریش کۆلێژی ڤکتۆریای لە شاری ئەسکەندەریە (١٩٢٩- ١٩٣٢) تەواوکردووە، دواتر گەڕاوەتەوە شاری بەغداو بۆ ماوەیەکی کورتیش (١٩٣٦- ١٩٣٧) لە ڕێپێدراوی عێراقی لە بەرلین کاری کردووە و لە دەرئەنجامی مردنی مەلیک غازی، وەسایەتی عێراقی پاشایەتی گرتووەتە ئەستۆ، بەتایبەتی دوای ئەوەی لە (٤ نیسانی ١٩٣٩) فەیسەڵی دووەم بە مەلیکی عێراق دەستنیشان کراوە، بە جۆرێک عەبدولئیلا لەم پۆستەیدا ماوەتەوە تا ئەوکاتەی فەیسەڵی دووەم تەمەنی گەیشتووەتە هەژدە ساڵی تەواو لە (٢ ئایاری ١٩٥٣)ـەوە کاروباری وڵاتی وەک مەلیکی عێراق گرتووەتە ئەستۆ، هاوکات میر عەبدولئیلاش تا ڕۆژی کوژرانی لە دەرئەنجامی بەرپابوونی شۆڕشی (١٤ی تەمموزی ١٩٥٨)دا، وەک جێنشینی مەلیک (وليا للعهد) ماوەتەوە. بڕوانە: محمد عصفور سلمان، تاريخ العراق المعاصر ١٩١٤-١٩٦٨، ص١٦٥.

١٧- ئەحمەد موختار بابان: ساڵی ١٩٠١ لە بەغدا لە دایک بووە، ساڵی ١٩٢٦ کۆلێژی ماف (حقوق)ی تەواو کردووە و تا ساڵی ١٩٣٥ لە بواری دادوەریدا کاری کردووە، پاشان کراوەتە موتەسەڕیفی کەربەلا، بۆ یەکەم جاریش لە (٨ی ئابی ١٩٤٢)ـەوە، بووە بە وەزیری کاروباری کۆمەڵایەتی. دواتریش حەوت جار پلەی وەزاری بینیوە و لە هەمان کاتدا دوا سەرۆک وەزیرانی سەردەمی پاشایەتی بووە لە عێراقدا کە لە ١٩/ ١٩٥٨/٥ پێکی هێناوە تا ئەو کاتەی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بەرپا بووە و لە (٢٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٧٦)دا، لە وڵاتی ئەڵمانیا کۆچی دوای کردووە. بڕوانە: عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج ١٠، ط٧، (بغداد: ١٩٨٨)،ص ٢٤٣ ومابعدها، احمد مختار بابان، مذكرات احمد مختار بابان اخر رئيس للوزراء في العهد الملكي في العراق، اعداد وتقديم: كمال مظهر احمد، (عمان: ١٩٩٩).

١٨- نامەیەکی تایبەتی: (وەفا خانمی کچی مەحموود بەگی جەمیل بەگی بابان) لە وڵاتی ئوردنەوە بۆ نووسەر مارتی ٢٠١٤، عبد الرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج١٠، ط٧، (بغداد: ١٩٨٨)، ص ١٨٦ - ٢٤٣.

١٩- سەید محەمەد سەدر: کەسایەتی ئایینی و سیاسی عێراق بووە، لەسەردەمی فەرمانڕەوایەتی پاشایەتیدا و سەید محەمەد سەدر، لە ساڵی (١٨٨٣)دا، لە ناوچەی (کازمیە)ی سەر بە شاری بەغدا هاتووەتە دنیاوە و بەڕەسەن ڕەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە سەر (ئیمام مووسای کوڕی جەعفەر)، سەرەتاکانی خوێندن و دواتر قۆناغی پەیمانگاشی لە شاری (نەجەف) تەواوکردووە، هەروەها یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی پارتی پاسەوانی نهێنی نیشتمانی (حزب الحرس الوطني السري)، وەک ئەوەی دواتریش بۆتە سەرۆکی حزبی ناوبراو، هاوکات تا ڕۆژی کۆچی دوایی ئەندامی ئەنجوومەنی پیران (الاعيان) و چەند جارێکیش سەرۆکی ئەو ئەنجوومەنە بووە، هەروەها لە ماوەی (٢٩ کانوونی دووەم - حوزەیرانی ١٩٤٨)دا، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراقی سەردەمی پاشایەتی بووەو لە ڕێکەوتی (٣ی نیسانی ١٩٥٦)دا، کۆچی دوایی کردووە. للمزيد أنظر: نصير خيرالله محمد العجمي، النظام الملكي العراقي و فلسطين ١٩٢١- ١٩٤٨، (دمشق: ٢٠١٥)، ص ٢٩٠.

٢٠- مارف خەزنەدار، ڕۆژگاری من، پەیدابوون ١٩٣٠- ١٩٤٩، ب١، (هەولێر: ٢٠٠٩)، ل ١٩٧.

٢١- عبدالرزاق الحسني، تاريخ الوزارات العراقية، ج٧، ص ٢٨٥.

٢٢- نجدة فتحي صفوة، صالح جبر، ص ٣٨٢- ٣٨٣.

٢٣- نجدة فتحي صفوة، ص ٣٥٣.

٢٤- غانم محمد حفو و عبدالفتاح علي البوتاني، الكورد والاحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي ١٩٢١- ١٩٥٨، مطبعة وزارة التربية، (اربيل: ٢٠٠٥)، ص ٩٠.

٢٥- جعفر عباس حميدي، تاريخ العراق المعاصر ١٩١٤- ١٩٦٨، ص ٢١٦ - ٢١٩.

٢٦- غانم محمد حفو و عبدالفتاح علي البوتاني، الكورد والاحداث الوطنية في العراق، ص ٩٠.

٢٧- کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، ب١، چاپخانەی الاديب العراقية، (بەغدا:١٩٨٥)، ل ٢١٥.

٢٨- گۆڤاری گەلاوێژ: ژمارەی یەکەمی لە مانگی (کانوونی یەکەمی ١٩٣٩)دا، لە شاری بەغدا بڵاوکراوەتەوە، خاوەن و بەرپرسی یەکەمی پارێزەر ئیبراهیم ئەحمەد (١٩١٤ - ٢٠٠٠) و

سەرنووسەری عەلائەددین سەجادی (١٩٠٧ – ١٩٨٥) بووە، بەسەریەکەوە نزیکەی (١٠) ساڵی تەواو بەردەوام بووە و (١١٦) ژمارەی لە (٩٩) بەرگدا لێ بڵاو کراوەتەوە، بە پێی بۆچوونی زۆرێک، لە ڕووناکبیرانی کورد، یەکێک بووە لە گۆڤارە دەوڵەمەندەکانی سەدەی بیستەمی کورد، تەنانەت: «ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی سەردەمی خۆی»، دوا ژمارەی لە مانگی (ئابی ١٩٤٩)دا بلاوکراوەتەوە و هاوکات زۆربەی نووسەر و شاعیر و ڕووناکبیرانی ئەو دەمانەی، بەتایبەتی باشووری کوردستان و ڕۆژهەڵاتیش بە بەردەوامی بەرهەم و نووسینی خۆیان تێدا بڵاو کردووەتەوە و زۆر بەباشی بە هەموو شار و شارۆچکەکانی ئەو دەمانەی کوردستان، تەنانەت دەرەوەشدا بلاوبووەتەوە و زۆرێک لە خوێنەران و ڕووناکبیرانی ئەوکاتەی کوردستان وەک (اشتراک) گۆڤاری گەلاوێژیان پێ گەیشتووە.بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: محەمەد دلێر ئەمین محەمەد، ڕۆڵی گۆڤاری گەلاوێژ لە گەشەکردن و پێشخستنی ئەدەبی کوردیدا، (سلێمانی: ٢٠٠٤)، ل ٨- ٢٠، دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، تێگەیشتنی ڕاستی و شوێنی لە ڕۆژنامە نووسی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، (بەغدا: ١٩٧٨)، ل ٢٣٦.

٢٩- پۆستەی کوردەواری، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە (٣)، ساڵی نۆیەم، مارتی ١٩٤٨، ل ١٣.

٣٠- عومەر دەبابە: ساڵی (١٩٢٣) لە گەڕەکی (قەڵات) ی شاری کۆیە هاتووەتە دنیاوە و قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە کۆیە و ئامادەیی لە شاری کەرکووک تەواو کردووە، لە ساڵی (١٩٤٦)دا لە کۆلێژی مافی شاری بەغدا وەرگیراوەو لێرە بەدواوە تێکەڵ بەژیانی سیاسی بووەو پەیوەندی بە ڕیزەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان)ـەوە کردووە. سەرەڕای بەشداربوونی لە خۆپیشاندانەکانی شاری بەغدای سەردەمی پاشایەتیدا، لە ساڵی (١٩٥١) کۆلێژی تەواو کردووە و هاوکات لە کۆنگرەی دووەم و سێیەمی (پارتی)دا (١٩٥١) و (١٩٥٣) بەشداربووەو بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە، هەروەها لە شۆڕشی (١٤ تەمموزی ١٩٥٨) لە کۆنگرەی چوارەمیشدا کە لە بەغدا بەستراوە، کراوەتەوە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و لە ساڵی (١٩٦٤)دا لایەنگیری باڵی مەکتەبی سیاسی بووەو چووەتە هەمەدان و لە ساڵی (١٩٧٥)دا و لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی تری وەک عەلی عەسکەری و (ساڵح یووسفی)دا بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانیان دامەزراندووەو دواتریش هاتوونەتە ڕیزەکانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانەوە، لە (٢٩ ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٢)دا کۆچی دوایی کردووە. فەرید ئەسەسەرد، ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتمانی کوردستان، (سلێمانی: ٢٠١٣)، ل ١٨٩- ١٩١.

٣١- اسماعيل شكر رسول، أربيل دراسة تاريخية في دورها الفكري والسياسي ١٩٣٩- ١٩٥٨، ط٢، (السليمانية: ٢٠٠٥)، ص ٢٩١.

٣٢- پۆستەی کوردەواری، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە(٣)، ل.١٦

٣٣- کامەران موکری: محەمەدی کوڕی ئەحمەدی تەها ناسراو بە کامەران موکری لە ساڵی (١٩٢٩) لە شاری سلێمانی هاتووەتە دنیاوە و بنەچەیان دەگەڕێتەوە ناوچەی موکریان، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی خوێندووە و هەر لەم قۆناغەوە دەستی داوەتە کاری سیاسی و لە پێناوی کوردایەتیدا وازی لە خوێندن هێناوە، لەساڵی (١٩٤٩)ـەوە گیراوەو نزیکەی شەش ساڵی تەمەنی لە بەندیخانەکانی عێراقدا بەسەربردووە، وتاربێژێکی دیاری خۆپیشاندانەکان بووەو لە بەرپابوونی شۆڕشی (١٤ی تەمموزی ١٩٥٨) بەدواوە دەستی بەجموجوولی خوێندەواریی کردووە و لەماوەی ساڵانی (١٩٦٠ – ١٩٦١) سەرنووسەری گۆڤاری (ڕۆژی نوێ) بووە، هەروەها لە کودەتای (٨ی شوباتی ١٩٦٣) بەدواوە، کامەران وەک هەر ڕووناکبیرێکی تری کورد دەنگی کپ کراوە و دواتریش لەبەشی (زمانی کوردی) کۆلێژی ئەدەبیاتی (زانکۆی سلێمانی) مامۆستای وانەبێژ بووە، دوای گواستنەوەی زانکۆی سلێمانی بۆ هەولێر و تا کاتی کۆچی دوایی لە ڕێکەوتی (٧ی کانوونی یەکەمی ١٩٨٦)دا، لەسەر ئەم پیشەیەی بەردەوام بووەو تەرمەکەشی گواستراوەتەوە شاری سلێمانی و لە گردی (سەیوان) نێژراوە.بڕوانە: مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، ١٩٤٥- ١٩٧٥، ب ٧، چ٢، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، (هەولێر: ٢٠١٠)، ل ٦٤١- ٦٤٢.

٣٤- پۆستەی کوردەواری، گۆڤاری گەلاوێژ، س. پ، ل ٢٢.

٣٥- پۆستەی کوردەواری، گۆڤاری گەلاوێژ، ژمارە(٣)، ل.٢٢

٣٦- کەمال مەزهەر ئەحمەد: مێژوو ناسی گەورەی کورد، کەمال مەزهەر ئەحمەدی حاجی ڕەسوڵی گوورون ئاغای زاڵ سلێمان بەگ، لە ڕێکەوتی (١٤ی شوباتی ١٩٣٧) لە شارۆچکەی (ئاغجەلەر)ی سەر بە لیوای کەرکووک هاتووەتە دنیاوە، ئەم لە دایک بوونەشی لە کاتێکدا بووە کە لەو دەمانەدا باوکی مەزهەر (١٩٠٩- ١٩٥٣) لەم ناوچەیەدا فەرمانبەری میری بووە، ئەگینا بەخۆیان لە بنەماڵەیەکی ڕەسەنی شاری سلێمانی و لە هۆزی گەورەی بڵباسن، باپیریشی (ئەحمەد) لەڕیزەکانی سوپای عوسمانیدا ئەفسەربووە و دایکی ناوی حەفسە عەبدوڵلایە لە (حوزەیرانی ١٩٨٤)دا کۆچی دوایی کردووە، بەڵام دوکتۆر کەمال مەزهەر بە زۆری قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی لە

سلێمانی و هەڵەبجەو ناوەندی و دواناوەندی هەر لەشاری سلێمانی و خانەی مامۆستایانی باڵای (دارالمعلمين العالية)ی لە شاری بەغدا (١٩٥٨- ١٩٥٩) تەواوکردووە، دواتریش بۆ ماوەیەک دەبێتە مامۆستا لە(ناوەندی شۆڕش)ی شاری سلێمانی، تا ئەوکاتەی وەک نێردەیەک (بعثة) لە سەرەتاکانی فەرمانڕەوایەتی کۆماریدا و لەگەڵ کۆمەڵێک خوێندکاری کورد و عەرەب لەوانە دوکتۆرە نەسرین محەمەد فەخری دەنێردرێتە دەرەوەی وڵات، بەتایبەتی یەکێتیی سۆڤێتی پێشوو بە مەبەستی تەواوکردنی خوێندنی باڵا، وەک ئەوەی دوای چەند ساڵێک و لەساڵی (١٩٦٣)دا خوێندنی دوکتۆرای لە پەیمانگای ڕۆژهەڵاتناسی لە ئەکادیمیای زانستەکانی (مۆسکۆ) تەواوکردووە، لەبواری مێژووی هاوچەرخی کورددا و لەلایەن دوکتۆر ڕەحیمی قازی ئامۆزای قازی محەمەدی بەناوبانگەوە سەرپەرشتی کراوە، بە جۆرێک هەر لەو ماوەیەشدا و بۆ یەکەمین جار ژیانی هاوسەری پێکەوە ناوە و لە بەری ئەم خێزانەی کوڕێکی هەیە بەناوی (لاوک)ـەوە و لەدایک بووی ساڵی (١٩٦١)ـە، دواتریش بە مەبەستی خوێندنی دوکتۆرای دووەمی، دەستی داوەتە خوێندن و دوای شەش ساڵ و لە ساڵی (١٩٦٩)دا دوکتۆرای (ناووک)ی لە ئەکادیمیای زانستەکانی سۆڤێتی بەدەست هێناوەو ناوونیشانی تێزەکەی بریتی بووە لە(بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە کوردستانی عێراق ١٩١٨- ١٩٥٨)، دوکتۆر کەمال مەزهەر لەمانگی (ئایاری١٩٧٠)ـەوە، دەگەڕێتەوە عێراق و وەک مامۆستایەک لەبەشی مێژووی کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی بەغدا دادەمەزرێت، هەروەها جگە لە ئەندامێتی، ماوەیەکیش (١٩٧١- ١٩٧٤) ئەمیندار و جێگری سکرتێری کۆڕی زانیاری کورد و سکرتێری گۆڤارەکەشی بووە و دوای هەڵوەشانەوەی بەیانی (١١ی مارتی ١٩٧٠)و جێبەجێ نەکردنی بنەماکانی لەلایەن حکوومەتی بەعسی عێراقەوە، لەساڵی (١٩٧٤)ـەوە پێوەندی بەشۆڕشی کوردستانەوە کردووە و دوای ساڵێک ئەوجا گەڕاوەتەوە شاری بەغدا، دووبارە درێژەی بەپیشەی مامۆستایەتی خۆی داوە، لەزانکۆکانی وەک: بەغدا، موستەنسریە، بەسرەو زانکۆی بەکر بۆ لێکۆڵینەوەی سەربازی باڵا کە زۆرجار وانە و موحازەرەی تایبەتی هەبووە، هاوکات لە نیسانی (١٩٧٣)دا پلەی زانستی لە (مامۆستا)ـەوە بووە بە (پرۆفیسۆری یاریدەدەر) و دوای چەند ساڵێک لە کاری زانستی و پرۆسەی وانەوتنەوە لەڕێکەوتی (٣ی شوباتی ١٩٨١)ـەوە بۆ جارێکی دی پلەی زانستی بەرزکراوەتەوە و بووە بە (پرۆفیسۆر)، هەروەها لە ماوەی ژیانی وانەوتنەوە و کاری زانستیدا سەرەڕای بڵاوکردنەوەی سەدان وتار و توێژینەوەی زانستی، دەیان کتێبی ناوازەی بەزمانەکانی: کوردی، عەرەبی، ڕووسی، فارسی، تورکی و ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا سەرپەرشتی دەیان نامە و تێزی دوکتۆرای لە زانکۆکانی عێراق و دەرەوەدا کردووە و لەدەیان کۆڕ و کۆبوونەوەی زانستی نێودەوڵەتی لە عێراق و دەرەوەیدا بەشداری کردووە، هاوکات لەلایەن دەیان ناوەندی زانستی جیهانی و عێراقی و عەرەبی و کوردستانییەوە ڕێزی لێ نراوە، لەساڵی (١٩٨٥)ـەوە، بۆ جاری دووەم ژیانی هاوسەری لەگەڵ شەهلاخانمی کچی تاهیر حەیدەری کە دەرچووی بەشی ژمێریارییە (الاحصاء) پێکەوە ناوەو تا ئێستاش پێکەوە دەژین. بڕوانە: حميد المطبعي، المؤرخ المفكر كمال مظهر أحمد، دار ضفاف للنشر الشارقة، (بغداد: ٢٠١٣)، ص ٧ ومابعدها، كمال مظهر احمد، صفحات من تاريخ العراق المعاصر، دراسات تحليلية، منشورات مكتبة البدليسي، (بغداد: ١٩٨٧)، الصفحة الاخيرة، دەستنووسێکی بڵاونەکراوەی دوکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد، کە خۆی پێشکەشی کردووم، بەزمانی عەرەبی سەبارەت بە ژیان و کارە زانستییەکانی خۆیەتی و لای خاوەنی ئەم نووسینە لەساڵی (١٩٨٩)ـەوە پارێزراوە و بەنیازم لە داهاتوودا وەک کتێبێکی سەربەخۆ بڵاوی بکەمەوە، چونکە کۆمەڵێک زانیاری گرنگی تێدایە.

٣٧- کەمال مەزهەر ئەحمەد، چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، ب٢، ئامادەکردنی: عەبدوڵڵا زەنگەنە، (هەولێر: ٢٠٠١)، ل ٣٩٣.

٣٨- کەمال مەزهەر، چەندلاپەڕەیەک لە مێژووی گەلی کورد، ب ٢، ل ٣٩٤.

٣٩- بهاءالدين نوري، مذكرات بهاءالدين نوري، سكرتير اللجنة المركزية للحزب الشيوعي العراقي، دار الحكمة، (لندن: ٢٠٠١)، ص ٦٠، هەروەها دیدەنی لەگەڵ مستەفا ساڵح کەریم، سلێمانی، (٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٧).

٤٠- دیدەنی لەگەڵ مستەفا ساڵح کەریم، سلێمانی، (٩ی کانوونی یەکەمی ٢٠١٧)، توانا ڕەشید کەریم، سلێمانی لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥- ١٩٥٨، لێکۆڵینەوەیەک لە بارودۆخی سیاسی و ڕۆشنبیری، (سلێمانی: ٢٠١٢)، ل ١٤٢.

٤١- پۆستەی کوردەواری، گۆڤاری گەلاوێژ، س. پ، ل ٢٣.

٤٢- غانم محمد حفو و عبدالفتاح علي البوتاني، الكورد والاحداث الوطنية، ص ٩١.